www.kurdistannet.org
18-1-2006 19:29 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کێشە و چارەسەری ئاوەڕۆ لە شاری هەولێر ... ئەندازیار نەریمان مەلا محمد گەلاڵی



هەوڵێکی زۆر دەدرێت بۆ دروستکردنی ئاوەڕۆیەکانی (المجاری) هەولێر بە تایبەتی لە گەڕەکە نوێیەکانی شار بەڵام چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەی ئاوەڕۆ هەوڵ و هیممەت و کارێکی زۆر لەوە زیارتری پێویستە. بەڕای من لەبەر ئەوەی پڕۆژەکانی تایبەتمەند بەو بوارە هیچێکیان بنەڕەتی و (شمولی) نین و هەریەکەیان چارەی بەشیکی کەم یان ناوچەیەکی بچووکی شار دەکات بە شێوەیەکی (جزئی) ئەوا کێشەی ئاوەڕۆ دەمێنێ وکە لە شوێنێک چارەسەر دەکرێت لە شوێنێکی تر سەرهەڵدەداتەوە وەکو ئەوەیە ئەو کێشەیە هەمیشە کاتی چارەسەر کرابێت. مەبەستم لە چارەسەری بنەڕەتی ئە و چارەسەریە کە بۆ هەموو شارەکە دادەنرێت و هەموو شار بە فراوان بوونی لایەنی کەمی ٢٥ ساڵی داهاتووشەوە لە خۆدەگرێت بە شێوەیەک کە ئیتر نەک هەر ئاوەڕۆ بەڵکو هیچ ئاوێک یان تەراییەکی ئاوەڕۆ نابینرێت لە شاردا کە بویتە گەورەترین کارەساتی پیسکردن و ناشارستانی سەرای ئەوە بیر لە پڕۆژەی پاککردنەوەی ئەو ئاوە بکەینەوە کە دەچێتە دەرەوەی شار و لەوانەیە زۆر لە کارمەندانی ئەو بوارەش بیری لێنەکردبێتەوەکە تاکوو ئێستا چی لێهاتووە بۆ کوێ ڕۆییوە. ئێستا لەبەر چاوی زۆربەمان هەروەکو لە (واقع) دا هەیە بۆتە شتێکی سروشتی کە ئاوەڕۆ لە زۆر کوچەو کۆڵان و گەرک بەسەر شەقام یان بە ناوەندی کۆڵانەکاندا بڕوات تا ئەگەر بگاتە مەجرایەکی ژێر زەوی!! ئەوەش لە ئەنجامی نەبوونی لە هەموو کۆڵانێکدا بە شێوەیەک زۆربەی خەڵک وا تێدەگەن کە ئەو جۆگەلانەی کە بۆ ڕۆیشتنی ئاوی باران لە ناوەڕاستی کۆڵانە کۆنکرێتکراوەکان هەن هی ئاوی پیسن!.

ئەو سیستەمەی تاکوو ئێستا لە دروستکردنی مەجراکان لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی پەیڕەو کراوە زۆر سەرەتایی و بێ ئەمانن واتە هیچ حیسابێک بۆ پاش تەواوبوونیان نەکراوە لە پڕنەبوونەوە و نەگیران و خاوێن کردنەوە جگە لەوەی کە حیسابی فراوانبوون (التوسع العمرانی) تا ڕۆژی ئەمروش بەتەواوی لەبەر چاو ناگیرێت. مەجرا سەندووقیە سەرەکیەکانی شاری هەولێر زۆر بچووکن و تیژای هەموو شار ناکەن بەتایبەتی لە کاتی باران بارین جا چ پاش ئەو فراوان بوونە گەورەیەی کە ئێستاو لە داهاتوو بەخۆیەوە دەبینێت. شارەکانی کوردستان بە هەولێری پایتەختیشەوە کێشەی (سلۆپ) لێژاییمان نیە تاکوو پێویستیمان بە مەسەلەی بەزکردنەوەی ئەو ئاوانەوە بێت بە هۆی مزەخەی تایبەتیەوە وەکو شاری بەغدا هەروەها بە هۆی بوونی زێیەکان کە ئەوانە کێشەی ئاوەڕۆ زۆر زەحمەتتر و ئاڵۆزتر دەکەن بۆیە چارەسەری ئەو مەسەلەیە لە لای ئێمە زۆر ئاسانترە وەک لە لای ئەوان.

ئەگەر بمانەوێت (فیعلا) ڕوویەکی شارستانی بەو شارە بدەین دەبێت هەرچی زووە باشترین و گونجاوترین چارەسەری بۆ ئاوەڕۆ دابنێین چونکە ئەگەر شار هەمووی ببێتە باڵەخانە بەڵام ئاوەڕۆی تەواو نەبێت و ئاوی پیس لە کوچەو کۆڵانەکان کۆببێتەوە واتە هیچمان نەکردوە. جگە لەمانەش ئاوی ئاوەڕۆ دەوری هەیە لە تێکدان و شکاندنی شاقامەکان یەکەم

بەهۆی ئەو مادده کیمیاویانەی کە تێیدایە و دوەم لەبەر دزەکردنی بۆ ژێر شەقامەکان کە دەبێتە هۆی نەرم کردنەوەو فشەڵکردنیژێرەوەی و لە دواییدا تێکچوون کە ئەمەش زۆر بەزەقی بە بەرچاو دە کەوێت لە زۆر لە شەقامەکانی ئەو شارە.

لە وڵاتانی ئەوروپا ئاوەڕۆکان بە جوانتتین سیستەمی نوێ جێبەجێ کراون وستانداردێکی تەواویان بەخۆوە بینیوەو سەدان جۆر لە بۆری هەمە چەشنەی کۆنکرێتی و سیرامیکی و پۆرچولاندی هەمە چەشنە هەیەکە بۆ هەمو شوێنێکی بەکارهێنان دەگونجێن و بە پێی پێویست دادەنرێن واتە بۆ هەرشوێنێک شێوازێکی تایبەتی دیاریکراو دانراوە یان دادەنرێت و کەس بۆی نیە بەهە وەستی خۆی گۆڕانکاری تێدا بکات یان بە ئارەزوی خۆی شێوازێکی نا ڕێک و نا پێوانەیی دابنێت. هەروەها لە کونەکانی چوونەژوورەوەی ئاوی باران حیسانی ئەوە کراوە کە هیچ خۆڵ و لمێک لێیەوە نەچێتە ناو بۆری ئەو ئاوەڕۆیانەوە. مەجرا سەندووقیە سەرەکیەکانیشیان ئەوەندە گەورەو فراوانن کە گەورەترین لۆری دەتوانێ بەناویدا گوزەر بکات.. سەرەڕای ئەمانە لە رووی تەکەنیەوە زۆر دەزگای هەندەسی تابەتیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان وەکوو کامێرای رۆبۆتی و دەیان شتی تر. ئەوەی ئێستا زانراوە ئەوەیە کە مەجرا سندووقیە سەرەکیەکانی شاری هەولێر زۆر بچووک و بێ توانان و دەبێت چارەسەری و ئەلتێرناتیڤی گونجاو بدۆزینەوە تاکوو زیاتر کێشەکانی ئاوەرۆ لەسەر یەکتر کەڵەکە نەبن. هەروەها بەلایەنی کەمەوە ئاڕاستەی ئاوەرۆی گەڕەکە نوێیەکان نەیەتەوە ناو جەرگەی شارەوەو خۆئەگەر بۆ هەرکۆلانێک بەر لە دروستکردنی خانوو تیایدا مەجرای پێویستی بۆ بکرێت (کارەباو هێلی تەلەفۆنیش بە شێوەی شاردراوە کە ئێستا جێگەی باسی ئەو شتانە نین) بەلایەنی کەمەوە گەڕەکە نوێیەکان تووشی گرفتی ئاوەرۆ نابن چونکە چۆن خانوو پێویستە ئاواش مەجرا پێویستەو هەردەبێت بکرێت بەلام ئەگەر لە سەرەتا دا کرا
تێچوون و گرفتی کەمترە. با بێنینە بەر چاوی خۆمان ئەگەر لە هیچ کونجێکی ئەو شارە ئاوی پیس و ئاوەرۆ نەبینین چ گۆڕانکاریەکی گەورە لەو شارە دروست دەبێت!!